# 11ی سەپتێمبەر هەڵگێڕو وەرگێڕێکی زۆری بە سەر ئێستای مرۆڤایەتی هێناوەو هێشتا زۆریشی بەبەروەماوە



ئیمڕۆ شەش ساڵ(2001/09/11) بە سەر کارەساتی 11ی سەپتێمبەر تێ دەپەڕی و ساڵ بە دوای ساڵیش کارتێ کردنەکانی خۆی بە سەر نەزمی جیهانی دووبارە دەکاتەوە . ئەوەتا ئوسامە بن لادن لە یاد کردنەوەی ئەو بیرەوەریەو شانازی پێکردنی دووبارە خۆی لە شریتێکی وێنەگیراو بەدەر دەخاو ئەو 19 کەسەی کە بەشدار بوون لە کارەساتەکە بە شەهیدی ئیسلامیان دەداتە قەلەم و لە لایەکی تریشەوە بەڕێوەبەرایەتی جۆرج دەبلیوو بۆش دەیەوێت ئەو شریتەی ئوسامە بۆ بەرژەوەندی بەڕێوەبەرایەتیەکەی وەبەربێنێ بە تایبەتی لەسەر مەلەفی عیراق و ئەفگانستان و ئەوە بلێ کە قاعیدە ئێستاشی لە گەڵ دابێ مەترسیەکی گەورەیە لە سەر ئاسایشی ئەمەریکاو دەبێ ئێمە هەموو توانای خۆمان بەکاربێنین بۆ لەناو بردنیان و دیموکراتەکانیش دەڵێن لە لایەکەوە ئەو شریتە تەنیا خۆ بەدەرخستنی ڕاگەیاندنەو هیچی تر ،لە لایەکیتریش دەڵێن کە 11ی سەپتێمبەر ڕووی دا قاعیدە لە عیراق نەبوون و کە پەیداش بووینە لە بەر کەم و کورتی سەرۆک بۆش و بێتواناییەوەیە.

ڕەنگە ئەگەر لە کوشندیی و مەترسی ڕووداوەکە بکۆڵینەوە زۆر زۆر لە خوار کارەساتی هیرۆشیماو ناکازاکی و قەتلوعامی ئەرمەنیەکان و هۆلۆکۆستی یەهودیەکان وژەهری کیمیاو ئەنفال و گۆڕە بە کۆمەڵیەکانی کوردەکانەوە بێت . بەڵام شوێنی ڕووداوەکەو سەنگی ئەو وڵاتەی کە کارەساتەکەی سەپتێمبەر گرتیەوە زیاتر دەکەوێتە ناو باس و خواسەکان .

پێش 11ی سەپتێمبەر سەردەم سەردەمی نەمانی شەڕی ساردو داڕمانی بلۆکی سوسیالیستی یان بەناو سوسیالیستی و تاک جەمسەری ئەمەریکی بوو لە سەرتاسەری جیهان . سەردەمێک بوو سۆڤیەتی پێشوو وێڕای هەلوەشاندنەوەو نابووت بوونی کەوتبوە ناو باری سەختی قەرزو قەرزاری،لە سایەیا نەک نەی دەتوانی سەری خۆی بوخرێنێ، بەلکو لە کێشەجیهانیەکانیش تا زۆر ڕادە بەتەواوەتی هەلپەسێردرابوو . لەمێژ نەبوو عەبدولا ئۆجەلانی سەرکردەی دیاری بزاڤی نیشتمانی کورد لە ڕێگای هەوڵگری ئەمەریکیی و ئیسڕایلی ڕفێندراو تەسمیل بە تورکەکان کراو لە ڕێگایەوە تارماییەکی ڕەش بە سەر هەموو پارچەکانی کوردستان داهات . هاوکات کوردی باشوور لە ناو گەرمەی شەرەناوخۆیەکان و لەتکردنی دەسەڵات و کۆڕەوی کۆچ کردن بەرەو هەندەران بوون . لەمێژ نەبوو یوگسلاڤیا وێران کرابوو و خەریکی ئەوەبوون کە بە دوایەوە بە تەواوەتی هەلّی وەشێننەوە . بەڕاستی ئەو سەردەمی نەک کامپی سۆڤیەت و دارو دەستەکانیان لە وڵاتانی تر بە جارێ تۆقیبوون لە ترسی ئەو ڕەشە بایەو ڕامالینیان ، ئەورووپای ڕۆژئاواو یابانیش مەترسی لێیان نیشتبۆوە کە مەدی ئەمەریکی ئەوانیش بگرێتەوە . بەلێ 11ی سەپتێمبەر لەو ئان و ساتاندا کاری خۆی کرد . بەڕاستی کارەساتێکی وەها لە ناو جەرگەی بەهێزترین وڵاتی جیهان و لە ماڵیانەوە کە دەکاتە سەنتەری بازرگانی جیهانی بەو دوو یان سێ تەلارە هەرە بەرزەیان کە یەکێکیان 106 قات بوو ،لە گەڵ زەوی تەخت بکرێن ؛ بەڕاست کارەسات بوو و خەلک هەرچەندی لێکی دەدایەوە نەی دەتوانێ قەناعەت بە خۆی بێنێ کە ئەمە کارێک بێت لە لایەن مرۆڤەکانەوە ئەنجام درابێ . ئێستاش لە گەڵ دابێ خەلکانێکی زۆر هەنە بۆ کاری ئیلاهی دەیگێڕنەوە .

دەزگای فەرمی ئەمەریکی و تا زۆر ڕادە جیهانیش ، قاعیدەو ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری تاوانبار دەکەن کە لە پشت ئەو ڕووداوە بن . بەڵام هەشن و کەمیش نینە ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە کە بلێن کاری ژێراو ژێری ئەمەریکیەکان و ئیسڕایلیەکانیشی پێوەیە تا وەکو بکەنە بیانگۆ بە ناوی لە ناو بردنی کاری تیرۆڕستی و تۆڕی قاعیدە، بە دوایەوە خۆیان بگەیننە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەندەک هەلگێڕو وەرگێڕی تیا بکەن تا وەکو بە تەواوەتی کۆنترۆلی ئەو ناوچە نەوتیەو ستراتیجیە بکەن . ئێستاش کە ڕژێمی تالیبانی ئەفگانستان و سەدامی عیراق نەماوەو ئەو دوو وڵاتە لەناو بازنەی کۆنترۆلی ئەمەریکی دانە وپاشکشەشیان بە هێزەکانی سوریا کرد و ناچاریان کردن کە لە لوبنان بکشێنەوە، بەڵام ئێستاکە بە دانپیانانی ئەمەریکا ،قاعیدە زۆر لە 11ی سەپتێمبەر بەهێز ترە ، کاری خۆ تەقاندنەوەی

تیرۆڕستی جگە لە عیراق و ماوەیەک بەر لە ئێستای ئیسرایل کە هەر کارەساتە ،بەلکو هەموو کون و قوژبنێکی جیهانی گرتۆتەوەو خۆتەقینەوەکان 50بەرامبەر بە زیاتریشەوە ئەگەر بەراورد بکەی لە گەڵ کاتەکانی پێش 11ی سەپتێمبەر ،زیادی کردووە . ئەمەریکا ڕاستە توانی ئەفگانستان و ئیراق بە ماوەیەکی کورت بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی ،بەڵام بە دانپیانانی خۆیانەوە ، پێیانەوە تووشی وەڕتە هاتوون و خوا خوای ئەوەیانە جۆرە کاردانەوەیەکی وەها بکەن ئەگەر هەر نەبێ بە ڕوو سوری لە ناو بارەکە دەرچن . ڕژێمی تورکی ئێستا ڕاستە لە گەڵ جۆری قاعیدەو ئێران تێک ناکاتەوە، بەڵام چۆنی لێک دەیتەوە ڕژێمێکی ئیسلامینەو کۆتایەکەشیان دیار نیە ،لە ڕێگەیەوە نەک ئەمەریکا بەلکو ئەوروپاو ڕووسیاو چینیش بە حیسابی جیا لە جاران مامەلەی لە گەڵ دا دەکەن و هەمیشە ترسی ئەوەش لە دڵیان نیشتۆتەوە نەوەکا ئەوانیش لە دوا جاردا بە تەواوەتی بە لای دین دا بشەکێنەوە و کاری وەهاش بۆ ئەوان بەرەو دواوە چوون دەگەیەنێ . پاکستان کە بەهێزترین بنکەی ئەمەریکا بوو . لە شەڕی ساردیش ڕۆژئاوا حیسابی تورکیاو ئێرانی سەردەمی شایان بۆ دەکرد . ئەوان وێڕای کودەتای سەربازی بە سەر نەواز شەریف و پێشتریش لادانی چەند جاری بەنەزیر بۆتۆی سەرۆکی پارتی گەلی پاکستان کە پارتێکی مەدەنی و عەلمانی بوون ، کەچی ئێستاکە لە لایەکەوە پاکستان لە ناو دین غەرق بووەو بە کاری تیرۆڕستی و خۆ پیشان دان و خۆ ڕێک خستنەوەی دینی وا خەرکە هەناسە لە بەر حکومەتە عەسکەریەکەی (بەرویز موشەرەف)دەبڕن و هێزەکانی قاعیدەش دە ئەوەندەی جاران لە ناویان بەهێزتر بووەو نەیارە کۆنەکانیشیان لە بابەت بەنەزیر بۆتۆ و نەواز شەریف ئیمڕۆ یان سبەی دەگەڕێنەوەو گەلە کۆمەکی سیاسی و وەرگرتنی دەسەلات لە سەر حکومەتە عەسکەریەکە زیاتر دەبێت . لوبنان و تەقسیمی سیاسی و سەربازی و حوکم ڕانیان ڕاستە هێشتا بە تەواوەتی بە فەرمی نیە بەڵام هەریەکەیان لە جیهانێک دەژین . ساڵ پار ئیسرایل بەو هەموو بەهێزەی خۆی لە سەردەستی حیزبو لا شکستی هێنا یان ئەگەر هەر نەبێ نەی توانی بە سەریان دا زاڵ بێت . بە حیساباتی ئێمەو زۆرێکی تری سیاسەت مەداران وەها مەزندە دەکرا کە لە پاش عیراق دەبێ ئێران و سوریە ڕێزبەندی بکەن کاخوانەکینێ کەنگی ئەمەریکیەکان لەوانیش دەقەومێنێ و دەیان ڕووخێنێ . هەندەک جار سعودیەو مسریش بەر لافاوی ئیحتمالی هێرش بردن بۆ سەرایان یان گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە ناویان خۆی گەیاندبووە ناو ڕاگەیاندنی زۆر شوێنەوە.کەچی دەبینین ئێران دوو ئەوەندەی تر بە قوەت بووەو ئەویشە ئێستا بەرد لە ماڵی ئەمەریکیەکان لە عیرا ق و لوبنان و هەتا فەلەستین و ئیسرایلیش دەگرێ و سووریاش لە گەل ئەو هەموو داوایانەی ڕەفیق حەریری و نادیموکراتی ڕژێمیان و پێشێلکردنی یاساو بە یەکێکیش لە مۆلگەکانی تیرۆڕستی حیساب دەکرێ ، لوبنانیشیان پێ بەچی هێشت کەچی نەفەسی لە ڕێگای حیزبو لاو ڕێکخراوە تیرۆڕیستیەکانی عیراق ڕۆژبەڕۆژ درێژ تر دەبێ .

لە ناو فەلەستینیەکانیش بینیمان کە حەماس هەلبژاردنی لە فەتح بردەوەو پاشانیش لە هەرێمی غەزە کودەتای سەربازی بە سەر فەتح کرد . دەبێ ئاگاشمان لە ئیخوانی موسلمین هەبێت کە لە میسرو ئوردن لە گەشەکردن دانە . لە میسر بە گەمەی هەلبژاردنی دوو ساڵ لەمەو بەر زۆر چوونە پێشەوە . دەنگ و باسەکانی ئێستاش لە ئوردن ئەوە نیشان دەدا کە مەترسی گەشەکردنی ئیخوان لەو کات وساتانەدا مەترسیەکی گەورە بۆ دەاسەڵاتدارانی ئوردن دروست دەکەن . تەقینەوەو کاری تیرۆڕستی دینی لە مەغریب و جەزایر دەبینین ڕۆژبەڕۆژ لە زیادموون دایە . ئەگەر لە مەڕ تەقینەوەخۆ کاژیەکانیش تەماشای بەشەکانی تری جیهان بکەین دەبینین لە بەریتانیاو فەرەنساو ئەسپانیاو وڵاتی تری ئەورووپیش بەشی دیاری کراوی خۆیان بەرکەوتووە . ئەندەنۆسیاو تورکیاو پاکستان و زۆر وڵاتانی تری ئیسلامیش هەر یەکەیان بە قەوارەیەکەوە بەشی جموجۆلی کاری تیرۆڕستی و خۆ تەقاندنەوەیان بەر کەوتووە . لە دەرەوەی تیرۆڕستی ئیسلامیش ،ئەمەریکا لە سەر ئاستی جیهان پاش 11ی سەپتێمبەر هەندەک پاشە کشەی بە خۆیەوە بینیوە بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی . لە بواری ئابووریش بەس خەرجیاتی ئەمەریکا لە عیراق و ئەفگانستان لە نیو ترلیۆن دۆلار تێپەڕیوە . ئەوە جگە لە زیانی مرۆیی کە لە سەرووی پێنج هەزار کوژراویان لەو دوو وڵاتە هەیە.لە بواری ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانەشیان زۆر لە خوار پێش 11ی سەپتێمبەرەو دۆلاریش لە سەر ئاستی جیهانی 30–35%ی بەهاکەی هاتۆتە خوارەوە . کەشتی گەلی ئەمەریکیش بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی کەنداوی هرمز بەرێوەیە و لە ڕێگایەوە ئەگەر ڕووبەڕووی هەر شەڕێکی سەربازی تر ببیتەوەو لە گەڵ ئێران، یان ئیسرایل لە گەڵ عەرەبەکان لە ڕێگایانەوە خەرجیاتی ئەمەریکی

جگە لە زیانەکانی تر دوو ئەوەندەی جاران زیاد دەکات . لە ڕووی نەیارە بە هێزەکانیشیەوە بە تایبتی ڕووسیاو چین هەستانەوە پێیانەوە دیارە . ڕووسەکان توانیان قەرزەکانیان بدەنەوەو لە بواری ئابووریش پێشکەوتنی بەر چاو لە پاش 11ی سەپتێمبەرەوە بە خۆوە ببینن . ئەوان لە ڕێگەی بە بەرز بوونەوەی نرخی نەوت، توانیان سیولەیەکی نەقدی باشیان دەست بکەوی و هەندێ لە برینە کانی دارمانەکەیان پێ پڕکەنەوە ئەوە جگە لەو چەک فرۆشتنە جیهانیە فراوانیەی ئەوان بۆ ئێران و زۆر وڵاتانی عەرەبی وە جیهانی . چینێش لە پێش هەموو جیهانە لە گەشەی ساڵانەی ئابووریان .

ئەوروپاش پاش 11ی سەپتێمبەر ئەگەر سەیری بەرز بوونەوەی نرخی یۆڕۆ بکەین لە چاو دۆلار ئەوا دەبێ ئەو هەقەیان پی بدەین کە لە ڕووی ئابووری لەو ماوەیەدا لە ئەمەریکیەکان زیاتر گەشەیان کردووە .

دیسان هەنگاوەکانی زیاد بوونی قەوارەی ئەوروپا کە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاش درێژ بووەتەوە هەر هەمووی دوای 11ی سەپتێمبەرەوە بوون .

لە ترسی دابەزینی بەردەوامی دۆلار، زۆر وڵاتانی جیهان هەنە بە تایبەتی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی لە سەین و بەینی ئەوە دانە کە یۆڕۆ لە جیاتی دۆلار لە دەست نیشان کردنی نرخەکان بەکار بهێنن .

ئەو هەلگێڕو وەرگێڕەی11 ی سەپتێمبەر بە سەر ئەمەریکیەکانی کرد ،ئۆ ئەوانن لە ڕێگەی ئەو بنکە ئابووریە هەرە بەهێزەیان توانیویانە خۆی بۆ ڕاگرن ئەگەر وڵاتی تر بوایەو وای بەسەر هاتبایە هەرەسی بەر دەکەوت

ڕەنگە ئاماژەکان ڕەشبینی لێ بکەوێتەوەو ، بەڵام من بەو مەبەستە سەیری جیهان دەکەم و ئەوە دەڵێم ئەلقەی یەکەمی سیستەمی نوێی جیهانی لە هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات دەاستی پێ کردو و ئەلقە دووەمەکەی 11ی سەپتێمبەرو سێیەمیش وا بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەیەو زنجیرەکانی بەرەو دوایەوەشی دیار نیە ڕوو لە کوێ دەکات . گرنگ ئەوەیە جیهان بە تێکرا لە نەوەدەکانی سەدەی پێشوو پێگوازەی خۆی کردووەو تا بەتەواوەتیش نەمەیتەوە ،ڕاناوەستێ . کەسیش تا ئێستا سەرەدەری بەتەواوەتی لەو گۆڕانە خێرایانە نەکردووە کاخوانەکێ کێ سوود مەند دەبی کێ زەرەر مەند دەبێ . کاتێ ئەمەریکیەکان سەمایان بۆ هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵات دەکرد کارەساتی 11ی سەپتیمبەرو شەڕی عیڕاق و ئەفگانستانیان بەسەردا ڕوویدا . بەڵام ئەوەی جێگای دلخۆشیە لە سەر ئاستی جیهان وێڕای کارەساتی هەموو شەڕەکان و دیاردە نالەبارە سروشتیەکان و نەخۆشیە ترسناکەکان و زۆر دیاردەی نالەباری تر کەچی ڕێچکەی گەشەکردن و بەرەو پێشەوە چوونی جیهانی لە ڕووە پۆزەتیڤەکەی لەوانە لە هەموویان سەنگین تر بووە . مرۆڤ وێڕای کارەساتەکان ، لە داهێنان و بەرەو پێشچوون نەوەستاوە. بۆیە بە قەناعوەتی خۆم ئەو پیگوازە نوێیەی جیهانیش وێڕای کارەساتە مەترسی دارەکانی بەڵام بەدیەوەکەی تر هەم دیسان مرۆڤ بە سەرکەوتوانەو پێنانە قۆناغێکی مرۆڤایەتی لە پێشتر دەچێتە پێشەوە.

مەهدی کاوانی /بەریتانیا /2007/09/11
mahdikawani@yahoo.co.uk